# Use of The Internet and Its Benefits in Teaching and Scientific Research Process by Teachers in Educational Colleges in Sulaimani University

Karzan Mohammed Arif[1], Hezha Abdula Hamad[2]
University of Sulaimani

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.08*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The purpose of this study is to determine the use of the Internet and its benefits in teaching and scientific research process by teachers in educational colleges in Sulaimani University. The study's sample size was 60 teachers (30 male and 30 female), who were intentionally chosen from education colleges (college of basic education, college of education and college of education in Saed sadq) at University of Sulaimani. The researchers utilized a descriptive survey method, which is appropriate for this research. Researchers prepared a scale which consist of two themes were teaching and scientific research, each theme included 34 items, for confirm the accuracy of the tool. the researchers demonstrated it to a group of experts of teaching methods and psychology, who approved the measures after some remarks (82%) on the tool. To ensure the tool's stability, the researchers employed the repeated test method, and according to the correlation equation (Pearson), the tool's stability value was 0.81, then applied the tool to the original samples. After applying the tool to the original samples and assessing the instructors' responses using the proper central statistical equation (T-test). They provided the research findings with various conclusions, recommendations, and suggestions.*

***Keyword***: *Internet, teaching process, scientific research, colleges of education*

# بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و ڕادەی سوود وەرگرتن لە پڕۆسەی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی لای مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی

Dr. Karzan Mohammed Arif
university of sulaimani Karzan.arif@univsul.edu.iq

Hezha Abdula Hamad

University of sulaimani hezha.hamad@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و ڕادەی سوود وەرگرتن لە پڕۆسەی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی لای مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی، کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە سەرجەم مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، پەروەردە زانستییەکان و پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی سەیدصادق، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە (٢٦٥) مامۆستا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦٠) مامۆستا (٣٠) مامۆستای لە ڕەگەزی نێر، (٣٠) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردران. توێژەران میتۆدی وەسفی ڕووپێویان بەکارهێنا، کە میتۆدێکە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، دوای گەڕان بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی پێوەرێک، کە دوو تەوەری لەخۆ گرتبوو (فێرکردن و توێژینەوەی زانستی)، هەر تەوەرێک پێکهاتبوو لە (٣٤) برگە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی ئامرازەکە توێژەران هەستان بە نمایشکردنی بە سەر ژمارەیەک لە شارەزایان بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی، ئەوانیش دوای هەندێک تێبینی کەم بە ڕێژەی (٨٢٪) پێوەرەکەیان پەسەندکرد، توێژەران بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێگیری ئامرازەکە شێوازی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەیان بەکارهێنا و بەپێی هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسون) نرخی جێگیری ئامرازەکە (٠،٨١)، دواتر هەستان بە جێبەجێکردنی ئامرازەکە بە سەر نمونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، پاشان دەستیان بە شیکردنەوەی وەڵامەکانی مامۆستایان کرد بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ناوەندی شیاو، کە بە تاقیکردنەوەی (t-test) ئەنجامی توێژینەوەکەیان لەگەڵ چەند ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێک خستۆتەڕوو.

**کلیلە وشە: تۆڕی ئینتەرنێت، پڕۆسەی فێرکردن، توێژینەوەی زانستی، کۆلێژە پەروەردەییەکان**

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### ١-١ : کێشەی توێژینەوە

لەم سەردەمەی ئێستادا، جیهان بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیری تێدەپەڕێت. ئەم گۆڕانکارییانەش هەموو بە هۆی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژیا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە گۆڕەپانی ژیاندا ڕوویانداوە. واتا، فراوانبوونی زانست و زانیارییەکان بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیا و شکاندنی ئەو سنوورانەی بووە بەربەست لە بەردەم بەرەوپێشچوونەکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا، هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕ پێکردنی زانیارییەکان گرنگی زۆریان لە ژیانی ئادەمیزاددا هەیە. هەربۆیە، ئەم سەردەمە بە سەردەمی پەرەسەندنی زانیاریەکان ناو دەبرێت، (تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر) بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێت، کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرزکردنەوەی تواناکاندا هەیە، خزمەتێکی زۆریان بە شارستانیەتی و تەنانەت ناوچە گوندنشینەکانیش گەیاندوە، کە پێشتر بێبەش بوون لەو خزمەتگوزاریانە.(نورية، ٢٠١٣: ١٥)

یەکێک لە گرنگترین داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێتە، کە بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان بڵاوبووەتەوە و لە یەککاتدا ملیۆنان کەس لە سەری کاردەکەن و بەیەکتریان دەبەستێتەوە. بەکارهێنانی هۆیەکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بە هۆی بوونی ئینتەرنێتەوە، مرۆڤ دەتوانێت لەماڵی خۆیەوە دابنیشێت و پەیوەندی بە کەسانی ترەوە بکات لە شوێنێکی تری جیهان. ئەمڕۆ ئینتەرنێت خزمەتگوزاری گەورە پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات. بەشێوەیەک ئاڕاستەیان دەکات، لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و سەرچاوەکان بە کاتێکی کەم. (بشير، ٢٠٠٧:١١)

ئەوەی، کە دەبینرێت، لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندیکردن بەشێوەی بەرچاو و هەمەجۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. کەم کەس و خێزان هەیە، لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیاکانی ئەم خزمەتگوزارییە (ئینتەرنێت) هاوبەش نەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەرەو پێشچوونانە، بواری پەروەردە و فێرکردنیشی گرتوەتەوە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکان گۆڕانکاری گەورە هاتوەتە دی لە ئامانجە پەروەردەییەکان لە بواری لێهاتوویی و چالاکییە فێرکارییەکان، مامۆستایان و فێرخوازان سوودی زۆر لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەبینن، وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە زانست و زانیاری لە دەستکەوتنی پەرتووک و توێژینەوەکان وتاری تایبەت بە بابەتی خوێندن، بە شێوەیەک هەندێک کەس باوەڕیان وایە، کە ئینتەرنێت پێگەی پەرتووکی لاوازکردوە. مامۆستایان و فێرخوازان بۆ توێژینەوە وانەکانیان زیاتر پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن. بۆیە بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، توێژەر تێبینی ئەوەی کرد، ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە، لە بوارە جیاوازەکانی ژیان سەرنجێکی زۆری لەسەرە لە بەکارهێنانی، لە فێرکردن و توێژینەوەی زانستیەکان لای زۆربەی زانکۆکان لە وڵاتان، توێژەران لەرێگەی کارەکەی لە یەکێک لە دامەزراوە فێرکارییە باڵاکان لە زانکۆی سلێمانی (کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی) هەستی بە گرنگی و پێویستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی کرد، بە مەبەستی زانینی ڕادەی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە فێرکردن و توێژینەوەی زانستی لای دەستەی مامۆستایان لە کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی، توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەی چنگبکەوێت:

١. بەکارهێنانی تۆری ئینتەرنێت و ڕادەی سوودبینین لای مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی لە پرۆسەی فێرکردندا چەندە؟

٢. بەکارهێنانی تۆری ئینتەرنێت و ڕادەی سوودبینین لای مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی لە توێژینەوەی زانستیدا چەندە؟

**١-٢: گرنگی توێژینەوە:**

١-٢-١: ئەم توێژینەوەیە سوودبەخشە بۆ بەرپرسان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بارەی ئاگاداربوون لە ڕەوشی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سوود لێ بینین لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژە پەروەردەییەکان.

١-٢-٢: سوودبەخشە بۆ زانکۆی سلێمانی تا لە ڕێگەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاشنا بێت بە ڕادەی سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە لایەن مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکان بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوەکان.

١-٢-٣: سوودی بۆ مامۆستایانی زانکۆ هەیە بۆ زیاتر گرنگی دان بە تۆڕی ئینتەرنێت، وەک تەکنۆلۆژیایەکی گەورە و فراوان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری نوێ و سەردەمیانە.

١-٢-٤: گرنگە بۆ هاندانی مامۆستایانی زانکۆ، هەتا بابەتی فێرکاری و ئەو توێژینەوانەی ئەنجامی دەدەن لە ژمێرەری تایبەتی خۆیاندا دابنێن.

١-٢-٥: سوودبەخشە بۆ توێژەر و لێکۆڵەرانی تایبەت بە بواری ئینتەرنێت، دەتوانن سوود لە هەنگاو و ڕێککاریەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان، وەک سەرچاوەیەکی زانستی.

**١-٣ :ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە، زانینی ڕەوشی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، لای مامۆستایانی وانەبێژ لە کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی، لە ڕێگای زانینی:

١-٣-١: ڕادەی سوودبینین و بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی.

١-٣-٢: ڕادەی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەی زانستی، لای مامۆستایان بە پێی ڕەگەزی نێر و مێ.

**١-٤ :سنووری توێژینەوە:**

١-٤-١: سنووری بابەتی: ڕادەی سوودبینین و بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێتە لە فێرکردن و توێژینەوەی زانستی بە پێی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت.

١-٤-٢: سنووری شوێن: کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی.

١-٤-٣: سنووری مرۆیی: دەستەی مامۆستایانی وانەبێژ لە کۆلێژە پەروەردەییەکان.

١-٤-٤: سنووری کات: توێژینەوەکە ئەنجامدراوە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ -٢٠٢٤)

**١-٥ :پێناسەی چەمکەکان:**

**١-٥-١: ئینتەرنێت:**

بە یەکێک لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی دادەنرێت، پەیوەندیدارە لە نێوان ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، بە ڕادەیەکی بێسنوور لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان، ئەمەش لە ڕێگەی سیستەمێکی تایبەتەوە ئەنجامدراوە. (الفرا، ١٩٩٩: ٣٧٦)

کۆمەڵە ڕێگەیەکی جیاوازە بۆ ئاڵوویرکردنی زانیاری و پاراستنی ئەو زانیاریانە بە شێوەیەکی ئاسان و دواتر گەڕاندنەوەیان. (کرامیش، ١٩٩٩: ٩٧)

تۆڕێکی تەکنۆلۆژی فراوانە، بە دەیان هەزار ئامێری کۆمپیوتەری بەستراوە بە شێوەی جیاواز بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە، لە ڕێگای ژمارەیەک پرۆتۆکۆڵ کاردەکات. هۆکاری ئاڵوگۆڕپێکردنی زانیاریە لە ناوچە جیاجیاکانی ژیان بە شێوەیەکی ئاسان، کە ملیۆنەها کەس لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەکاریدەهێنن. (سعادة والسرطاوی، ٢٠٠٧: ٦٩)

**پێناسەی توێژەران:** یەکەیەکی زانیاری گەورەیە، ملیۆنەها مرۆڤ لە یەککاتدا، دەتوانن، بە هۆی ئەم تۆڕەوە لە هەر بوارێکدا بێت زانیاری پێویست بەدەستبهێنن.

**١-٥-٢ :پڕۆسەی فێرکردن:**

کرداری کارلێککردنی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە لە ناو پۆلی خوێندن یان لە هۆڵی وانەگوتنەوە و تاقیگەکان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. (محمد و محمد، ١٩٩١: ١٤)

بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار، ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆدەگرێت، تاک لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوام دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەز و ئارەزو و ئامانجەکانی. (قەرەچەتانی، ٢٠١٣: ١٧)

**پێناسەی توێژەران:** پڕۆسەی گواستنەوەی زانیاری و شارەزاییە لە مامۆستاوە بۆ مێشک و بیری فێرخواز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئامانجی گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتاری فێرخوازەکە.

**١-٥-٣ : توێژینەوەی زانستی:**

پێناسە کراوە بەوەی: ڕاپۆرتێکی تەواوە لێکۆڵەر پێشکەشی دەکات بەتەواوی سەبارەت بەو کارەی پەیمانی لەسەر داوە بەجێ دەگەیەنێت، بەجۆرێک ڕاپۆرتەکە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکە بگرێتە خۆی. لەوکاتەوەی تەنها بیرۆکەیەک بووە تا ئەوکاتەی دەبێتە کۆمەڵە ئەنجامێکی تۆمارکراو ڕێکخراوی پشتبەستوو بە بەڵگە. (شلبی، ١٩٦٦: ٥)

بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای گشتی بەکاردێت بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکی زانستی لەڕێگەی کۆمەڵە یاسا گشتییەکەوە دەستگرتن بە سەر عەقڵ و دیاریکردنی کردارەکان تا گەیشتن بە ئەنجامێکی ئاشکرا و ڕوون. (قندیلچی، ١٩٩٢: ٢٤)

**پێناسەی توێژەران:** کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکخراوە دەگیرێتەبەر بۆ دیاریکردنی کێشەیەک یاخود پرسگرێکی دیاریکراو تا بتوانرێت بگاتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشە و پرسانە.

**١-٥-٤ :کۆلێژە پەروەردەییەکان:**

مەبەست لە کۆلێژە پەروەردەیی و پەروەردە بنەڕەتیەکانە لە زانکۆی سلێمانی، کە بەشێکە لە دەزگا فێرکارییەکان و سەر بە زانکۆن و فێرخوازانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی وەردەگرن. ماوەی خوێندن تێیدا چوار ســـاڵە، کادیری پەروەردەیی پێدەگەیەنن و ئامادەی دەکەن بۆ دوای وەرگرتنی بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس، بۆئەوەی ببێتە مـامۆســـتـا لە خوێـنـدنگا نـاوەنـدی و دواناوەندییەکان. لە بارەی دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە، دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت دەبنە مامۆستا لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان.

**بەشی دووەم (چوارچێوەی تیۆری) و توێژینەوەکانی پێشوو**

**١-٢ :گرنگی تۆڕی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی:**

تۆڕی ئینتەرنێت بە یەکێک لەو تەکنیکانە دەژمێردرێت، کە دەتوانرێت لە ڕەوشتی فێرکردن بەکاربهێنرێت، هەندێک لە توێژەران باس لەوە دەکەن، لە ئێستادا ئینتەرنێت ڕێبازێکی پەروەردەییە، بە تایبەت لە قۆناغەکانی فێرکردنی زانکۆ و خوێندنی باڵادا.

هۆنج و ئەلیس: تۆڕی ئینتەرنێت بە یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت، کە دەتوانێت کاربکاتە سەر ژیانی خەڵک. لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، کاتێک بە شێوە و پلەی جیاواز لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی بەکاردەهێنرێت. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە، دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ باشکردنی دەربڕین و لێهاتوویی فێرخوازان، کە بۆ ژیانی ئایندەیان پێویستە. هیچ کەس نییە بتوانێت ئینکاری لە ڕۆڵ و گرنگی و بایەخی ئینتەرنێت بکات لە ژیانی فێرکردندا. هەروەها ئەم تۆڕە بژاردەیەکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست و پەیوەندیدار بە بابەتی خوێندن. لەبەرئەوە پێویستە لە سەر دەوڵەت، کە بیەوێت لە بواری پەروەردەدا بەرەو پێش بچێت لە نێوان وڵاتان لە فێرکردنی زانکۆییدا، پێویستە بەزووترین کات ئەم خزمەتگوزاریە، کە ئینتەرنێتە، بگەیەنێتە فێرخوازان و توێژەران. ئەویش بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانیاری

پێویست لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی. باوەڕیش وایە، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و پەرەسەندنی کاری کردوەتە سەر باشترکردنی فێرکردنی باڵا و زیادکردنی چالاکییەکان، باشکردنی فێرکردن و فێربوون و ڕێگای وانەوتنەوە. (Kosma Johnston, 1991: 11)

ئەوەش تەنها بە دەرکەوتنی ئینتەرنێت، وەک یەکێک لە بەهێزترین دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تەکنیکی بازرگانی لە مێژووی مرۆڤدا دروستبوو، بە خێراییەکی گەورە زیاتر لە هەر تەکنۆلۆژیایەکی پێشتر، بە بەکارهێنانی لە تەواوی مامەڵەی بازرگانی و حکومییەکان، وەک کرداری گۆڕینی ڕێگاکانی گەیاندن لە نێوان مرۆڤەکان، بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان ئەوەش بە هۆی بوونی ئینتەرنێتەوە مرۆڤەکان بە گەلانی تر بگەن لە بەدەستهێنانی زانیاری بە مەبەستی فێرکردن و کاتبەسەربردن و کۆمەڵایەتی. (Faison,1996: 38)

**٢-٢: تایبەتمەندیەکانی ئینتەرنێت**

تۆڕی ئینتەرنێت زیاتر تایبەتمەندە و لە هەموو ڕێگاکانی تری پەیوەندی، کەم ڕۆڤایەتی پێی ئاشنا بووە جیادەکرێتەوە، ئەویش بەم ڕێگایانەی خوارەوە:

٢-٢-١: ئینتەرنێت جیهانێکی بێسنوورە: بەوەی هەموو شتێک لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە هەموو شێوەیەکی، وەک (وێنە، نووسین، ڤیدیۆ،... هتد).

٢-٢-٢: تۆڕی ئینتەرنێت لە لایەن هیچ کەسەوە سەرپەرشتی ناکرێت: لەبەرئەوەی بریتییە لە کۆمەڵێک کۆمپیوتەری پەیوەندیدار، کە کەس ناتوانێت دەستبەسەر هەموویاندا بگرێت بە شێوەیەک ئەگەر کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پاشەکشە بکات لە ئینتەرنێت، یاخود داخستنی پێگەی خۆی لە ئینتەرنێتدا، ئەوا تۆڕی ئینتەرنێت هەردەمێنێت.

٢-٢-٣: تۆڕی ئینتەرنێت جیاوازی ناکات لە نێوان بەکارهێنەرەکانیدا :بۆنموونە ئەو ماڵپەڕەی کە مامۆستایەکی زانکۆ سەردانی دەکات (بە هەمان شێوەش منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵیش) دەتوانێت بەکاریبهێنێت.

٢-٢-٤: ئینتەرنێت بە بەردەوامی لە نوێبوونەوەدایە: ئینتەرنێت لە سەر بنەمای زانیاری دانراوە و هەموو کاتێکیش زانیارییەکان گۆڕانکاریان بە سەردا دێت، واتا، ئەو زانیاریانەی لە ئینتەرنێتدا هەیە، زۆر نویَ ترە لەو زانیاریانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەیە.

٢-٢-٥: هیچ جۆرە نهێنی و زانیاری شارەوە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا نییە.

٢-٢-٦: تۆڕی ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی بە ئەرشیفکردنی گەورەیە بۆ هەموو چالاکیە مرۆییەکان.(زهران، ٢٠٠٨ :١٠٠-١٠٤)

٢-٢-٧: لە ڕووی خەرجیەوە تێچوونی کەمی هەیە، بۆیە لە جیهاندا زۆر بەکاردێت (فەلەکی،٥:٢٠٠٢).

**٢-٣: تۆڕی ئینتەرنێت لە پەروەردە و فێربووندا:**

ئەم تۆڕە چەندەها ملیۆن لاپەڕەی پێکەوە بەستراو لەخۆدەگرێت، کە توانای بەدەستهێنانی وشە و دەنگ و ڤیدیۆ و فلیمی ئەکادیمی و پوختەی نامەی دکتۆرا و ماستەر و توێژینەوەی زانستی بەیەکەوە بەستراوە و بەم زانیاریەوە لە ڕێگای چەند لاپەڕەیەکی هەڵبژێراو هەیە. بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە فێربووندا بووە هۆی گەشەسەندێکی گەورە و خێرا لە پرۆسەی فێرکاری، هەروەها کاریگەری لە سەر پێشکەشکردنی مامۆستا و خوێندکار و دەستکەوتەکانی لە ناو پۆلدا هەبووە.(کوفینی وهایفیلد ١٩٩٥) ئەوەی ڕوونکردەوە، کە بەکارهێنانی سیستەمی هەمەجۆر لە ئینتەرنێتدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو ڕێگایەی، کە تەکنەلۆژیا کاریگەری پێدەکاتە سەر ژیان و کارکردن. ئینتەرنێت تەنها مامەڵە لەگەڵ زانیاری ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و ڕووداوی جیهانی و ڕامیاریش دەکات. هەروەها بەڵگە و زانیاری پێشکەوتوو پێشکەشدەکات. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، ئینتەرنێت بۆتە ئامڕازێک بۆ توێژینەوە و دۆزینەوە لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە، خوێندکاران توانای پەیوەندیکردنیان لەگەڵ قوتابخانەکان و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە و کتێبخانەکان بۆ بەردەستخراوە، کە یارمەتیمان لە سەر گواستنەوە

و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەدات، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەم تۆڕە و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا ئینتەرنێت بوو بە هۆکارێک بۆ پاراستنی زانیاری و فێربوونی لە ڕێگا باوەکانەوە گۆڕی بۆ فێربوونی تاکی. (ڕباح، ٢٠١٤: ٨٣-٨٤)

**٢-٤: توێژینەوەی زانستی:**

ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشە پێکدێت: توێژینەوە، زانستی - توێژینەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە، واتاکەی بریتییە لە داواکردن، گەڕان، پشکنین، گەیشتن بەوپەڕی ڕاستیەک لە ڕاستیەکان یان کارێک لە کارەکان.

بەڵام زانستی وشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ زانست. بە واتای زانیاری و پەی پێبردن و زانینی ڕاستیەکان. کەواتە، زانست واتا ئاشنابوون بە ڕاستیەکان و ئەوەشی، کە پەیوەندی پێوە هەیە. هەرچەندە زانست بنچینەکەی زانیارییە لەگەڵ ئەوەشدا زانست فراوانترە. (عنایە، ٢٠٠٥: ٦)

**٢-٥: جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی**

**یەکەم : توێژینەوەی پۆلی یان کاغەزی:** بریتییە لەو توێژینەوەیەی، کە فێرخواز لە ماوەی ساڵانی زانکۆدا ئامادەی دەکات، یان لە ساڵی کۆتایی خوێندنیدا بە مەبەستی وەرگرتنی پلەی لیسانس، یان بەکالۆریۆس داوای لێدەکرێت، کە بریتییە لە توێژینەوەیەکی کورت، بە شێوەیەکی باو لاپەڕەکانی لە نێوان (١٠-٥٠) لاپەڕەدا دەبێت، یان لەوەش زیاتر، ئەم توێژینەوانە ناخوازێت لە لێکۆڵەر بە فراوانی و بە قوڵی کاربکات. ئامانجی ئەم توێژینەوانە بریتین لە:

٢-٥-١: ئاشنابوون بە سیستەمی پەرتوکخانەکان چۆنیەتی بەدەستهێنانی ژێدەرەکان.

٢-٥-٢: ڕاهێنان لە سەر کرداری کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیاریەکان و پێکەوە گونجاندنیان.

٢-٥-٣: ڕاهێنان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و گوزارشتکردن لە بۆچوونە خودیەکان.

٢-٥-٤: هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەمانەت وردی لە وەرگرتنی زانیاریدا.

٢-٥-٥: گەشەپێدانی تواناکانی لێکۆڵەر و بەهێزکردنی سیفاتی باشی زانستی تێیدا و ئامادەکردنی بۆ توێژینەوەکانی خوێندنی باڵا.

**دووەم: نامە (الرسالة):** بریتییە لە توێژینەوەی تایبەتمەند، کە فێرخواز ئامادەیدەکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دبلۆم لە خوێندنی باڵادا، یان ماجستێر. پێویستە لە توێژینەوەی پۆلی زۆر قوڵتر و درێژتر بێت. هەروەها ماوەیەکی زۆری پێدەچێت. لەوانەیە، چەند ساڵێک بخایەنێت، کە لە سەر خوێندنەوەیەکی قوڵ و فراوان ڕادەوەستێت. هەروەها پێویستی بە وردبینیەکی تەواو هەیە لە گواستنەوەی بۆچوونی نوسەر و توێژەرانی تر و دەبێت پشکدار بێت لە بەرەو پێشبردنی زانست بە زیادکردنی شتێکی نوێ بۆ مەعریفەی مرۆیی.

**سێیەم: تێز (الأطروحة):** بریتییە لەبەرزترین پلەی زانستی زانکۆیی، ئەو کەسەی بەدەستیدەهێنێت نازناوی دکتۆر یان پرۆفیسۆری پێدەدرێت. لە زۆربەی زانکۆکاندا دوو قۆناغە. یەکەم: دکتۆرای زانکۆیی، کە فێرخواز بە نزیکەی دوو بۆ سێ ساڵی خوێندن بەدەستیدەهێنێت. دووەم دکتۆرای دەوڵەت، کە ماوەیەکی زۆرتر و توێژینەوەیەکی قوڵتر و فراوانتری دەوێت. (مەجزوب، ٢٠٠٧: ٢٣-٢٥)

**٢-٦: ئینتەرنێت و توێژینەوەی زانستی:**

ئینتەرنێت ڕۆڵ و بەژدارییەکی گەورەی لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیدا هەیە و هەلێکی بێسنوور دەدات بە توێژەران دامەزراوەکانی توێژینەوە، توێژەران پێویستیان بە بەدەستهێنانی داتا و زانیارییەکان هەیە بە ئاسانترین ڕێگە و کەمترین تێچوون و ماوەیەکی کورت. ئینتەرنێت ئەو جێگایەیە، کە توێژەر دەتوانێت لێیەوە دەستی بە کتێبخانە جیهانی و تایبەتەکان بگات. سوودمەند بێت لەو کتێبە ئەلیکترۆنیانەی لەخۆیگرتوە. ئینتەرنێت زۆرترین بنکەی زانیاری گەورەی بوارە جیاواز و پسپۆڕییە جیاوازەکانی تێدایە. لەوەش زیاتر بناغە و بنکەی زانیارییە پەروەردەییەکان، ناسراو بە بنکەی ئێریک(ERIC) ، کە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ئەمریکیە، زیاتر لە ملیۆنێک نامەی ماستەر و دکتۆرا، هەروەها چەندین وتار و بەڵگەنامە و گۆڤاری زانستی و ڕۆژنامەی زانستی جیهانی لەخۆدەگرێت. توێژەران دەتوانن لە هەرشوێنێکی

ئەم جیهانە بن، لێی سوودمەند بن، بە کەمترین هەوڵ و تێچوون لە لایەنی دروستی و ڕوونی ڕووداوەکان، هەروەها بنکەی زانیاری (DAI) لەخۆدەگرێت، کە بەشێوەیەکی پوخت لە زانکۆکان بڵاوکراونەتەوە زیاتر لە (٦٠٠) زانکۆن لە ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیا و ئوسترالیا و چەندین زانکۆی تری ئەورووپی لە زانیاری و پسپۆریە جیاوازەکان، لە گرنگترین ئەو پێگە زانیارییانە، پێگەی (ئەبیسکۆ هۆست)ە کە زیاتر لە ملیۆنێک گۆڤاری زانستی جیاواز دەگرێتەخۆ و سەدانی لە سەرانسەری جیهان لێ بڵاوکراوەتەوە. هەندێک لەو ماڵپەرانە، سەنتەری توێژینەوەیان تێدایە، کە بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەرانسەری جیهان هەژماردەکرێن. (زغلول وآخرون، ٢٠٠٩: ٥١)

### ٢-٧ :توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوودی لەم خشتەیەی خوارەوە بینیوە، کە خراونەتەڕوو:

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر و وڵات وساڵ | ئامانجی توێژینەوە | ژمارەی نمونە | پرۆگرام و ئامرازی توێژینەوە | ئامرازی ئامارکردن | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێت ورۆڵی لە بەرەو پێشبردنی توێژینەوەی زانستی لای خوێندکارانی زانکۆی شای سعود لە شاری ڕیاز. | شرهان: ٢٠٠٢، سعودیە | زانینی ڕۆڵی تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێت لە بەرەو پێش بردنی توێژینەوەی زانستی وخزمەتکردنی پرۆسەی فێرکردن لای فێرخوازانی زانکۆی شای سعودیە. | ٨٩ فێرخواز | فۆرمی ڕاوەرگرتن، پرۆگرامی وەصفی شیکاری | ناوەندی ژمێری و ڕێژەی سەدی | فێرخوازان سودمەندن لە ئەنتەرنێت لە بەرەو پێشچوونی توێژینەوەکان، (%٩,٦٢)فێرخوازان بەسەرچاوەیەکی گرنگە لە بەدەستهێنانی زانیاری تازە وسەردەمیانە، بەکارهێنانی پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی گۆڕینەوەی زانیارییەکان بەکار هێنراون. |
| ٢ | دۆخی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لای مامۆستایان وفێرخوازانی کۆلێجی مامۆستایان لە مەککە. | حازمی: ٢٠٠٥، سعودیە | بۆ زانینی دۆخی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لای مامۆستایان وفێرخوازانی کۆلێجی مامۆستایان لە مەککە. | ٢٤٩ مامۆستا و ٤٧٢ فێرخواز | فۆرمی ڕاوەرگرتن، پرۆگرامی وەصفی | ڕێژەی سەدی | لە (%٦٧,٧) مامۆستایان ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن، پۆستی ئەلیکترۆنی لە گرنگترین بەکارهێنانەکان بوو لای نمونەی توێژینەوەکە، لە دیارترین ڕێگریەکانی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت کەمی ئامێری کۆمپیوتەر بوو لە کۆلێج کە پەیوەستکرابێت بە هێڵەکانی ئەنتەرنێتەوە، نەبوونی ڕاهێنانی لەسەر بەکارهێنان وخاوی وپچڕاندنی هێڵەکان لەکاتی بەکارهێنانیان. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مامۆستایانی زانکۆی هاشمیە لە بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت لە توێژینەوەی زانستیدا. | محمد: ٢٠٠٧، ئوردن | بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مامۆستایانی زانکۆی هاشمیە لە بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت لە توێژینەوەی زانستیدا. | ١٦١ مامۆستا | فۆرمی ڕاوەرگرتن، پرۆگرامی وەصفی شیکاری | ڕێژەی سەدی | لە (%٣٥,٤) مامۆستایان تۆڕی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن لە توێژینەوە زانستیەکاندا بەڕێژەیەکی بەرچاو، لە (%٤١,٦) بەڕێژەی مامناوەند ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن لە توێژینەوەکان، لە (%١٦,٨) بەڕێژەیەکی کەم، زیاتر لە نیوەی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە ئەنتەرنێتیان بەردەستە بەڵام تەنها (٣) مامۆستا زانیاری تەواویان هەیە لەسەر بەکارهێنانیان. |

## ٢–٨ :بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو بەراوردی توێژینەوەکەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو دەکات:

٢-٨-١: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو پرۆگرامی وەسفی ڕووپێوی و وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە.

٢-٨-٢: توێژینەوەکان جیاوازییان لە دارشتنی ئامانجەکانیان هەبوو، هەندیک بە ئامانجی زانینی ڕۆڵی تۆری جیهانی ئینتەرنێت لە بەرەوپێشبردنی توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی پرۆسەی فێرکردن لای فێرخوازانی زانکۆی شای سعودیە، وەک توێژینەوەی (شرهان، ٢٠٠٢)، هەندێکی تر ئامانجی زانینی دۆخی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، لای مامۆستایان و فێرخوازانی کۆلێژی مامۆستایان لە مەککە، وەک توێژینەوەی (حازمی، ٢٠٠٥) ، یەکێکی تریش ئامانجی هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مامۆستایانی زانکۆی هاشمیە لە بەکارهێنانی تۆری ئینتەرنێت لە توێژینەوەی زانستیدا، وەک توێژینەوەکەی (محمد، ٢٠٠٧)

٢-٨-٣: توێژەران لە توێژینەوەکانیان بابەتی جیاوازیان باسکردوە، وەک توێژینەوەی (شرهان، ٢٠٠٢) تۆری جیهانی ئینتەرنێت و ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردنی توێژینەوەی زانستی لای خوێندکارانی زانکۆی شای سعود لە شاری ریاز، توێژینەوەی (حازمی، ٢٠٠٥) دۆخی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لای مامۆستایان و فێرخوازانی کۆلێژی مامۆستایان لە مەککە، توێژینەوەی (محمد، ٢٠٠٧)

هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مامۆستایانی زانکۆی هاشمیە لە بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە توێژینەوەی زانستیدا.

٢-٨-٤: سەرجەمی توێژینەوەکان فۆرمی ڕاپرسییان بەکارهێناوە، وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکانیان، وەک ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

٢-٨-٥: ئەنجامی توێژینەوەکان بە پێی سروشتی توێژینەوەکان جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو.

٢-٨-٦: توێژینەوەکان هاوکێشەی ئاماری جیاوازیان بەکارهێناوە، هەندێکیان تەنها ڕێژەی سەدییان بەکارهێناوە، وەک توێژینەوەکانی (حازمی، ٢٠٠٥) و (محمد، ٢٠٠٧) وە هەندێکیان ناوەندی شیاو و کێشی سەدییان بەکارهێناوە، وەک (شرهان، ٢٠٠٢)

٢-٨-٧: توێژینەوەکان جیاوازییان هەبوو لە ڕووی ژمارە و جۆری نموونەی توێژینەوەکانیان، وەک توێژینەوەکەی (شرهان، ٢٠٠٢) بریتیبوو لە (٨٩) فێرخواز، توێژینەوەی (حازمی، ٢٠٠٥) بریتیبوو لە (٢٤٩) مامۆستا و (٤٧٢) فێرخواز، توێژینەوەکەی (محمد، ٢٠٠٧) بریتیبوو لە (١٦١) مامۆستا.

**٢-٩: سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو**

٢-٩-١: هەستکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەی گرنگیەکەی بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی.

٢-٩-٢: توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لە بابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بە تایبەتی لە چوارچێوەی تیۆریدا.

٢-٩-٣: بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکە و شوێنپێهەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.

٢-٩-٤: سوودی لە زانیارییە ڕێککارەکانی توێژینەوەکانی پێشوو بینراوە، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتاو زانیاریەکان و هاوکێشە ئاماریەکان.

٢-٩-٥: ئـامـادەكردنی ئـامرازەكـانی توێژینـەوە و چۆنییـەتی دەرهێنـانی ڕاســـتی و جێگیری ئامرازەكان سودمان لێوەرگرتوون.

## بەشی سێیەم: هەنگاوەكانی توێژینەوە

**٣-١: میتۆدی توێژینەوە:** توێژەران پرۆگرامی وەســفی ڕووپێوییان لە توێژینەوەكەدا بەكارهێنا، بە ئامانجی زانینی ڕادەی بەكارهێنانی تۆڕەكانی ئینتەرنێت لە فێركردن و توێژینەوەی زانســتی لای مامۆســتایانی كۆلێژە پەروەردەییەكانی زانكۆی سـلێمانی، ئەم میتۆدە گرنگ و شــیاوە بۆ توێژینەوەكە.

**٣-٢: كۆمەڵگەی توێژینەوە:** كۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەرجەم دەستەی مامۆستایانی وانەبێژ و یاریدەدەرەكانیان لە كۆلێژە پەروەردەییەكانی زانكۆی سلێمانی (كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، كۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكان – سەیدسادق، كۆلێژی پەروەردە زانستییەكان) پێكدێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) كە ژمارەیان (٢٦٥ ) مامۆستایە، لەوانە (١٥٨) لە ڕەگەزی نێر و (١٠٧) لە ڕەگەزی مێن.

**٣-٣: نموونەی توێژینەوە:** ئامانج لە بەكارهێنانی نمونە ئەوەیە، كە زۆرجار لە توانای توێژەردا نییە، توێژینەوەكەی لە سەر هەموو تاكەكانی كۆمەڵگەكەی ئەنجامبدات، كە بە هەزاران و ملیۆنان كەسن، لەبەرئەوە پەنا بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەكی ڕاستەقینە لە كۆمەڵگاكەی دەبات و زانیاری و داتای پێویست لە بارەی تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكەی كۆدەكاتەوە و لە كۆتایی توێژینەوەكەی، گشتاندن بۆ ئەنجامی توێژینەوەكەی لە سەر هەموو كۆمەڵگەكە دەكات. (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ٢٥٥)

به لەبەرچاوگرتنی تێکرای ژمارەی مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکان لە سنووری توێژینەوەکە، توێژەر هەوڵیداوە زۆرترین ژمارە وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستە هەستاوە بە هەڵبژاردنی نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەی هێشوویی مەبەستدار، هەرچی نموونەی سەرەکی توێژینەوەکەیە لە مامۆستایان دەگاتە (٦٠) مامۆستا، (٣٠) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٣٠) مامۆستا لەڕەگەزی مێ.

**٣-٤: ئامرازی توێژینەوە:**

توێژەران بە مەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، دوای گەڕان بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشتر و نزیک لە بابەتی توێژینەوەکە، پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان ڕاپرسێکی کراوەی بە شێوەی سەرەتایی دابەشکرد بە سەر (١٥) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە شارەزایانی پەروەردەیی و دەروونزانی دوای وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی وەڵامەکان (٣٤) بڕگەی لێ دروستکرد، (١٧) بڕگەیان تایبەت بوو بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، لە پڕۆسەی فێرکردن. (١٧) بڕگەشیان تایبەت بوو بە توێژینەوەی زانستی. دواتر بە سەر دوو بواری جیاواز دابەشکرا، بۆ هەر بڕگەیەک پلەیەک دانرا بە پێی پێوەری (لیکەرت)، Five-Likert-Scale، (بەردەوام، زۆرجار، هەندێکجار، کەم، هەرگیز)، هاوشانی ژمارەکانی (٥، ٤، ٣، ٢، ١)

**٣-٥: ڕاستگۆیی:**

مەبەست لە ڕاست و دروستی ئەوەیە، کە ئەو تێستە یان پێوانەکارەی ئامادەمانکردووە، تاوەکو ئەو توانا و خاسیەت و شتە بپێوێت، کە بۆمان ئامادەکردووە، چونکە شارەزا سەرنجی ناوەڕۆکی بڕگەکانی تێستەکە دەدات، بۆئەوەی بڕیار بدات، تاچەند ڕاست و دروستە و گوزارشت لە ئەو خاسیەت و خەسڵەتانە دەکات، کە بۆی ئامادەکراوە. (أحمد، ١٩٦٠: ١٨٨)

بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و شیاوی ئامرازەکە، توێژەران ئامرازەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن. کە ژمارەیان (١١) کەس بوو بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینیەکانیان لە سەر ئەوەی تا چەند بڕگەکانی بە وردی داڕێژراون و شیاون بۆ پێوانەکردنی مەبەستی توێژینەوەکە. ئەوانیش بە کۆی دەنگی شارەزایان دوای گۆڕینی هەندێک وشە و گۆڕانکاری لە ڕووی زمانەوانییەوە بە ڕێژەی (٨٢%) بڕگەکانیان پەسەندکرد.

**٣-٦: جێگیری ئامراز:**

توێژەران بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێگیری و نەگۆڕی ئامرازی توێژینەوەکەی، شێوازی دووبارەکردنەوەی بەکارهێنا، لە سەر ژمارەیەک لە مامۆستایانی دەرەوەی نموونەی ئەسڵی توێژینەوەکە، ژمارەیان (١٠) مامۆستا بوو، پاش دوو هەفتە تاقیکردنەوەکەی لە سەر هەمان نموونەی پێشوو دووبارەکردەوە، دواتر بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن نرخی نەگۆڕی دەرهێنا بە (٠.٨١)

**٣-٧: جێبەجێکردنی ئامرازەکە:**

پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکە و ڕوونی بڕگەکانی، ئینجا خودی توێژەران هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە لە سەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە، کە مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی. خۆی لە فۆرمێکی ڕاوەرگری دەنواند، لە ماوەی نێوان (٢٠٢٣/١١/١٨ بۆ ٢٠٢٣/١٢/١٣) ئەنجامدرا، لە پاش ئەوەی کاتی تەواو بە مامۆستایانی بەشداربووی توێژینەوەکە درا، دەستکرا بە کۆکردنەوەی فۆرمەکان، لەگەڵ هەوڵی توێژەران، بەڵام (٣) فۆرمیان نەگەڕێنرانەوە. ئینجا وەڵامەکان خاڵێکرانەوە لە فۆرمێکی تایبەتدا، کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوو.

**٣-٨: هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو:**

سوود لە پرۆگرامی (SPSS) وەرگیراوە، هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

**٣-٨-١: هاوکێشەی پێرسۆن** (Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەکە، بەم شێوەی خوارەوە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}]\,[\text{ن مج ص}^{٢} - (\text{مج ص})^{٢}]}}$$

**٣-٨-٢: ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):**

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت}١\times٥)+(\text{ت}٢\times٤)+(\text{ت}٣\times٣)+(\text{ت}٤\times٢)+(\text{ت}٥\times١)}{\text{مج ت}}$$

**٣-٨-٣: کێشی سەدی:** بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و بڕگەکان. (هیکل، ١٩٩٥: ٩٨)

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{٥}$$

**٣-٨-٤: تاقیکردنەوەی تائی** (T. Test) بۆ دەرخستنی جیاوازی وەڵامەکان بە پێی ڕەگەز.

$$\text{ت}\,(\text{ن}١+\text{ن}٢-٢) = \frac{(\bar{\text{س}}١ - \bar{\text{س}}٢)}{\sqrt{\frac{(\text{ن}١-١)\,\text{ع}_{١}^{٢} + (\text{ن}٢-١)\,\text{ع}_{٢}^{٢}}{(\text{ن}١+\text{ن}٢-٢)}\left(\frac{١}{\text{ن}١}+\frac{١}{\text{ن}٢}\right)}}$$

(البياتي و أثناسيوس، ١٩٧٧: ٢٦٠)

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجام و شیکردنەوەی توێژینەوە

لەم بەشەدا ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو، توێژەران بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسەکەیان بە پێی پلەی ڕەهەندەکان بۆ پێنج ڕەهەند دیاریکرد، بەهای پێدرا، وەک: بەردەوام (٥)، زۆرجار (٤)، هەندێک جار (٣)، کەم (٢)، هەرگیز (١)

بوارەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە شێوەی ڕیزبەندی و بە پێی بەهای ناوەندی کێشکراو و کێشی سەدی پلەبەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزکراوە. بە پێی بوارەکان (لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوە زانستییەکاندا)، ناوەندی ژمێرەیی لە پێوەرە پێنج ڕەهەندیەکە دادەنرێت بە (٣)، کە پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی تەوەرەکان. هەر تەوەرەیەک ناوەندە شیاوەکەی (٣) یان زیاتر بوو، ئەوا لایەنی بەهێزی تەوەرەکە پیشاندەدات، ئەگەر لە (٣) کەمتر بوو، ئەوا واتای وایە، لاوازی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەو لایەنە پیشاندەدات. توێژەران پێیان باش بوو شیکردنەوە بۆ ئەو تەوەرانە بکات، کە ناوەندی کێشکراوەکەی لە (٣) بۆ سەرەوەیە.

**ئەنجامی ئامانجی یەکەم:** لەبارەی دەستنیشانکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوە زانستییەکان، توێژەران هەر بوارەو بە تەنها شیدەکەنەوە.

**خشتەی (٤-١): ئەنجامی توێژینەوە بە پێی پلە بەندی و ناوەندی کێشکراو و کێشی سەدی تایبەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن:**

| ژ | بڕگـە | ناوەندی کێشکراو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | هاندانی فێرخوازان بۆ ئەنجامدانی چالاکیە فێرکارییەکان، کە پەیوەندی بە بابەتی خوێندنەوە هەیە. | ٤,٨٠ | %٩٦ | ١ |
| ١٤ | بەدەســـــتهێنـانی ئەو ســــەرچـاوە و پەرتوکـانەی تـایبەتن بە بواری پسپۆڕیەکەم. | ٤,٤٨ | %٩٠ | ٢ |
| ١ | کۆکردنەوەی بابەتی زانستی و زیادە بۆ بابەتی خوێندن. | ٤,٣١ | %٨٦ | ٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | چاودێری و ئاگادار بوون لە گۆڕانکاریەکانی بابەتی خوێندن بە شێوەیەکی زانستی. | ٤,١٨ | %٨٣ | ٤ |
| ١٢ | ئاگادار بوون لە تەکنەلۆژیا و بابەتی نوێ و شێواز و ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە. | ٤,١٦ | %٨٣ | |
| ١٠ | سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتە فێرکارییە زانستیەکان. | ٤,٠٨ | %٨٢ | ٥ |
| ١٣ | دورخستنەوەی فێرخواز لەوەی تەنها پشت بە مەلزەمە ببەستێت لە پرۆسەی فێرکردن. | ٤,١٠ | %٨٢ | |
| ٧ | گەیشتن بە هۆکارە فێرکارییە نوێ و هەمەجۆر و بەکارهێنانیان لە وانەوتنەوە. | ٣,٩٦ | %٧٩ | ٦ |
| ١٧ | سوودوەرگرتن لە باشترین تەکنیکەکانی وانەوتنەوە و فێرکردن بۆ ناوەڕۆکی بابەتە زانستیەکان. | ٣,٩٣ | %٧٩ | |
| ٢ | ئاراستەکردنی فێرخواز و پەرەدان بە شارەزایی و فێربوونی خودیان لە ڕێگای ئینتەرنێت. | ٣,٧١ | %٧٤ | ٨ |
| ٣ | ئاراستەکردن و گەشەدان بە فێرکردنی هەرەوەزی لە لای فێرخوازان بە هۆی ئینتەرنێت. | ٣,٨٣ | %٧٦ | ٧ |
| ١٥ | ئاڵوگۆڕی بیر و ڕاو زانیاریەکانمان لەگەڵ دەستەی مامۆستایان لە کۆلێژ. | ٣,٦٥ | %٧٣ | ٩ |
| ٩ | چاودێریکردنی کار و پرۆژەکانی فێرخوازان و وەڵامدانەوەی خێرا و پێویست لە ڕێگای نامەی ئەلیکترۆنی. | ٣,٦٣ | %٧٢ | ١٠ |
| ٤ | هەموارکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتی بڕیارلێدراوی فێرکردن. | ٣,٦٣ | %٧٢ | |
| ١٦ | خۆ تۆمارکردن لەو خول و ڕاهێنانە زانستیانەی ئەنجام دەدرێن تایبەت بە پسپۆڕیەکەم. | ٣,٥٥ | %٧١ | ١١ |
| ٨ | پێدانی بابەتی بڕیارلێدراوی خوێندن بە فێرخوازان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. | ٣,٥٠ | %٧٠ | ١٢ |
| ١١ | ئاشکراکردن و ئاگادارکردنەوەی فێرخوازان لە ئەنجامەکانی فێرکردن بە هۆی ئینتەرنێتەوە. | ٣,٣٨ | %٦٨ | ١٣ |
| تێکرا | | ٣.٩٣ | | |

بە پێی ئەنجامی خشتەی (٤-١) تایبەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن، کە لە (١٧) بڕگە پێکدێت. سەرجەمی بڕگەکان دەکەونە سەر و ناوەندە ژمێری (٣) لە نێوان (٨٠.٤-

| ژ | برگە | ناوەندی کێشکراو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستکەوتنی توێژینەوەکانی پێشوو کە پەیوەندی و گرنگیان هەیە بۆ توێژینەوەکانم. | ٤,٤٣ | %٨٩ | ١ |
| ١٧ | گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی شیاون لەگەڵ پسپۆڕییەکەمدا. | ٤,٤٠ | %٨٨ | ٢ |
| ١٣ | کۆکردنەوەی زۆرترین سەرچاوە و بەڵگەکان و بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکان. | ٤,١٨ | %٨٤ | ٣ |
| ٤ | ئاگادار بوون لەو توێژینەوانەی پەیوەندیان هەیە بە پسپۆڕیەکەم. | ٤,٢٠ | %٨٤ | |
| ٢ | بەدەستهێنانی داتا و زانیاری و ئامارەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەم. | ٤,١٦ | %٨٣ | ٤ |
| ١٦ | ئاگادار بوون لە میتۆدە زانستیە نوێیەکان و بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکان. | ٤,٠٥ | %٨١ | ٥ |
| ٦ | پەیوەندی بەستن لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری توێژینەوە لە پسپۆڕی و بوارەکەم. | ٤,٠١ | %٨٠ | ٦ |
| ٥ | هاوبەشیکردن لە خول و ۆرک شۆپە زانستیەکان بە مەبەستی سوودبینین بۆ توێژینەوەکان. | ٣,٩٦ | %٧٩ | ٧ |
| ١٥ | هاوکاریکردنی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتیدانم هەیە لە توێژینەوەکان. | ٣,٩٣ | %٧٩ | |
| ٧ | بەدەستهێنانی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکان و شیکردنەوەی ڕاپرسەکان لە ڕێگای ئینتەرنێت. | ٣,٨٥ | %٧٧ | ٨ |
| ١٤ | ئەنجامدانی توێژینەوە بە کەمترین کات و تێچون. | ٣,٧٠ | %٧٤ | ٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | پەیوەندیکردن بە کتێبخانە جیهانیەکان لە پێناو ئامادەکردنی توێژینەوەکان. | ٣,٦٣ | %٧٣ | ١٠ |
| ١٢ | بەشداریکردن بە توێژینەوە لەو کۆنفرانسە زانستیانەی کە لە ناوچە دوورەکان دەبەسترێن. | ٣,٦٣ | %٧٣ | |
| ٨ | بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجامداون لە گۆڤارە جیهانیە بە ناوبانگەکان. | ٣,٤٠ | %٦٨ | ١١ |
| ١٠ | هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوانەی لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بە دەستمدەگات. | ٣,٢٥ | %٦٥ | ١٢ |
| ١١ | پەیوەندی بەستن لەگەڵ زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە بە مەبەستی بەژداریکردن لە کۆنفراس و ۆرک شۆپە زانستیەکان. | ٣,٢٦ | %٦٥ | |
| ٩ | ئەنجامدانی پرۆژە زانستیەکان لەگەڵ پسپۆڕانی تر لە ناوچە دوورەدەستەکان. | ٣,١٥ | %٦٣ | ١٣ |
| | تێکڕا | ٦٢,٣ | | |

(٣٨.٣) کێشی سەدییان دەکەوێتە نێوان (%٩٦ - %٦٨) ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە. بە واتای ئەوەی مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی تا ڕادەیەکی زۆرباش سوودیان لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەرگرتوە، وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتووی سەردەم، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانیان و پرۆسەی فێرکردن لە هەر سێ کۆلێژە پەروەردەییەکەی زانکۆی سلێمانی، فێرخوازانیان هانداوە، سوود لەم تۆڕانە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان و بەدەستهێنانی سەرچاوەی پێویست و تایبەت بە بابەتەکانیان، هاوکات وەک هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی بابەتی زانستی زیاتر و ئاگادار بوون لە گۆڕانکاریەکانی

تەکنۆلۆژیا و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوەی نوێ و دوورخستنەوەی فێرخواز لەوەی تەنها پشت بە مەلزەمە ببەستێت. لە لایەکی تریشەوە، پێدانی بابەتی خوێندن لە ڕێگای ئیمەیڵ و تۆڕەکانی تر فێرکردن لە دوورەوە، جگە لەوەی مامۆستایان لەم تۆڕانە سوودمەندن بۆ هەموارکردنەوە و باشترکردنی ناوەڕۆکی فێرکاری لە کۆلێژەکان.

**خشتەی (٤-٢): پلە بەندی و ناوەندی کێشکراو و کێشی سەدی تایبەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە توێژینەوەی زانستی:**

بە پێی ئەنجامی خشتەی (٤-٢) تایبەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە توێژینەوە زانستییەکاندا کە لە (١٧) برگە پێکدێت. ناوەندی شیاوی گشت برگەکانی فۆرمە ڕاپرسەکە بە پێی وەڵامی مامۆستایانی کۆلیژەکان دەکەونە سەر و ناوەندە ژمێری (٣)، واتا، لە نێوان (٤٣.٤– ١٥.٣). کێشی سەدییان لە نێوان (٨٩% – ٦٣%). ئەوەش بە واتای ئەوەیە، مامۆستایانی کۆلیژەکانی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی بە شێوازێکی باش پشتیان بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەستوە بۆ بەردەستخستنی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندییان بە توێژینەوەکانیانەوە هەیە. لە لایەکی ترەوە گەڕان بە دوای سەرچاوەی نوێ و توێژینەوەی نزیک لە پسپۆڕییەکەیان، مامۆستایان توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارەی توێژینەوەکانیان ببەستن و هاوبەشی لە خول و وۆرکشۆپە زانستیەکان بکەن، مامۆستایان بە سوودبینین لەم تۆرە جاڵجاڵۆکەییە، هاوکارێکی باشی ئەوانەش بوون پێویستیان بەمان بووە بۆ هاوکاریکردن و سەرخستنی توێژینەوەکانیان. توانیویانە، کاتێکی زۆر بەدەستبهێننەوە بە هۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. هەندێک لە مامۆستاکان پەیوەندی زانستی و ئەکادیمیان لەگەڵ زۆرێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان بەستوە، بە هۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە کۆنفرانسەکانیاندا بەژدارن.

**ئەنجامی ئامانجی دووەم:** خستنەڕووی وەڵامەکانی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی ڕەگەز.

**خشتەی (٤-٣) : ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دەرکەوتنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕادەی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن**

| گۆڕاو | گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ڕەگەز | نێر | ٣٠ | ٦٤,٥ | ٩٦,٦٥ | ١,٠٣ | ٢,٠٠٢ | ٥٨ | (٠,٠٥) |
| | مێ | ٣٠ | ٦٦,٦ | ٨٠,٦ | | | | |

بە پێی زانیارییەکانی خشتەی (٤-٣) بەهای (ت) ئەژمارکراو و یەکسانە بە (**١,٠٣**)، ئەمەش نزمترە لە بەهای خشتەیی (**٢,٠٠٢**) لە ئاستی بەڵگەداری (**٠,٠٥**) بە نمرەی ئازادی (٥٨) ئەمەش بە واتای ئەوەی هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لای هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێ) لە مامۆستایان نییە، لە ڕادەی سوودبینین و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردندا. بە پێی ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەکەوێت، مامۆستایان وەک یەک لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوە زانستییەکانیان سوودمەندن.

**خشتەی (٤-٣): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t.test) بۆ دەرکەوتنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕادەی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ توێژینەوەی زانستی لای نمونەی توێژینەوەکە**

| گۆڕاو | گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ڕەگەز | نێر | ٣٠ | ٦٣ | ٩٢,٨٨ | ٢,٣٨ | ٢,٠٠٢ | ٥٨ | (٠,٠٥) |
| | مێ | ٣٠ | ٦٢,٣ | ٦٦,٣ | | | | |

به پێی زانیارییەكانی خشتەی (٤-٤) بەهای (ت) ئەژماركراو یەكسانە بە (٢,٣٨)، ئەمەش بەرزترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٠٢)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، بە نمرەی ئازادی (٥٨). ئەمەش بە واتای ئەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای مامۆستایان هەیە، بەپێی ڕەگەزی (نێر ومێ) لە ڕادەی سوودبینین و بەكارهێنانی تۆڕەكانی ئینتەرنێت لە توێژینەوە زانستیەكانیاندا. بە پێی ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەكەوێت، مامۆستایانی ڕەگەزی (نێر) زیاتر سوودمەندن لە بەكارهێنانی تۆڕەكانی ئینتەرنێت، بە پێچەوانەی مامۆستایانی ڕەگەزی (مێ) كەمتر سوودمەندن و گەڕان بە ناو تۆڕەكانی ئینتەرنێتدا دەكەن.

**٤-٢: ئەنجامەكان:**

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەكە، توێژەران بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:**

٤-٢-١: مامۆستایان لەڕێگای بەكارهێنانی تۆڕەكانی ئینتەرنێت، توانیویانە خوێندكاران هانبدەن، تاوەكو زیاتر پەرە بە چالاكیە فێركارییەكانیان بدەن. هەروەها ئینتەرنێت هۆكارێكی باشە لە بەدەستخستنی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندییان بە پسپۆڕییەكانیان هەیە بۆ بەهێزكردنی ئەو بوارەی توێژینەوەكانیان.

٤-٢-١: ئینتەرنێت یاریدەدەرێكی باشە بۆ مامۆستایان لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر و تایبەت بە پسپۆڕی و داڕشتنی پرۆگرامە فێركارییەكان و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپۆرتە زانستیەكانیان.

٤-٢-٣: تۆڕەكانی ئینتەرنێت هۆكارێكی باشە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە گۆڕانكاریە تەكنۆلۆژی و فێركاریە نوێیەكانی تایبەت بە خوێندن و ئەو ڕێگا و شێوازە نوێیانەی پێویستن بۆ وانەوتنەوەی هاوچەرخ و بەردەستخستنی توێژینەوەی پەیوەندیدار بە بوار و گۆڕەپانی توێژینەوەكانی مامۆستایانەوە.

٤-٢-٤: مامۆستایان توانیویانە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە زیاتر پەرە بە توانا خودیەکانیان بدەن و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی لەگەڵ مامۆستایان و تەنانەت خوێندکارەکانیشدابکەن. جگە لەمەش توانیویانە شارەزای بەکارهێنانی ڕێبازە شیاوەکانی توێژینەوەی زانستی و ئاماری شیاو بۆ توێژینەوەکانیان ببن.

٤-٢-٥: مامۆستایان سوودیان لەم تۆڕانەی ئینتەرنێت بینیوە بۆ چاودێریکردنی کار و پرۆژەکانی فێرخوازان و بە ئاگان لە خول و کۆنفرانسەکان، هەروەها پەیوەندیکردن بە کتێبخانە ئەلیکترۆنییە جیهانییەکان و دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوە و پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە.

٤-٢-٦: جیاوازی ئاماری لە نێوان مامۆستایانی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) نییە لە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن، بەڵام جیاوازی ئاماری لە سوودوەرگرتن لەو تۆڕانە بۆ توێژینەوە زانستیەکان هەیە لە بەرژەوەندیی مامۆستایانی ڕەگەزی نێر.

**٤-٣ :پێشنیازەکان: توێژەران پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەن:**

٤-٣-١: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی بە مەبەستی زانینی "کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە فێرکردن و توێژینەوەکان لای مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی"

٤-٣-٢: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە مەبەستی زانینی "ڕادەی سوودبینینی خوێندکارانی زانکۆ لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی"

٤-٣-٣: ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە مەبەستی زانینی "ڕادەی شارەزایی مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت"

## <u>لیستی سەرچاوەکان</u>

### <u>سەرچاوە کوردی:</u>

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٨): ***ئاماری پەروەردەیی ودەروونی***، چاپخانەی زبان صلح، تەهران.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٨): ***پێوان وهەڵسەنگاندن***، چاپخانەی زبان صلح، تەهران.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٣): ***سایکۆلۆژیاو ڕێگاکانی وانەووتنەوە***، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- مەجزوب، تەلال(٢٠٠٧): ***ڕێبازی لێکۆڵینەوە وئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری وپراکتیکی***،و:مەریوان عەبدول، چ١، چاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی.
- عناية، غازی(٢٠٠٥): ***ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی***، چ٢، و:بەهرە محمد علی، کۆمەڵەی ئارا.


**سەرچاوە بەزمانی عرەبی**


- أحمد، محمد عبدالسلام(١٩٦٠): ***القياس النفسى والتربوى***، مكتبه النهضة المصرية، القاهرة.
- بشير، عمر موفق(٢٠٠٧): ***الإدمان والإنترنت***، ط١، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، الأردن.
- الجمنى، محمد(٢٠٠٦): ***أستخدام تكنلوجيا المعلومات والإتصال فى مؤسسات التعليم والتدريب التقنى والمهنى***، قسم الإعلامية بالمدرسه العليا للعلوم والتقنيات بتونس، الندوه الدولية.
- الزغلول، فواز أحمد، العجلوني، خالد، ناصر الدين، لبنى ماجد، سعادت، دعاء سعادة(٢٠٠٩): ***تطبيقات التكنولوجيا في التعليم***، عالم الكتب الحديث، أربد، عمان، الأردن.
- الفرا، عبدالله عمر(١٩٩٩): ***تكنلوجيا التعليم والإتصال***، ط٤، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.

- لبياتى، عبدالجبار توفيق و أثناسيوس، زكريا زكى (١٩٧٧): ***الإحصاء الوصفى والإستدلالى فى التربية وعلم النفس***، وزارة التعليم العالى، جامعة المستنصرية.
- رباح، ماهر حسن(٢٠١٤): ***التعليم الأكتروني***، دار المناهج للنشر والتوزيع، شارع ملك حسين، عمان.
- سعادة، جودة أحمد والسرطاوى، عادل فايز(٢٠٠٧): ***استخدام الحاسوب والإنترنت في ميادين التربية والتعليم***، دار الشروق للنشر والتوزيع الأردن.
- شلبى، أحمد(١٩٦٦):***كيف تكتب بحث أو رسالة***، ط٥، مكتبة النهضة المصرية، قاهره.
- قنديلچى، عامر إبراهيم(١٩٩٣): ***البحث العلمى وإستخدام مصادر المعلومات***، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
- كراميش، كريستيان(١٩٩٩): ***ألف باء الإنترنت***، ترجمة مركز التعريب والترجمة، الدار العربية للعلوم، بيرو.
- محمد، ماهيرمحمد و محمد، مجيد مهدى(١٩٩١): ***طرائق التدريس العامة***، جامعة موصل، كلية التربية، ط١.
- نورية، العاج(٢٠١٣): ***إستخدام الشبكه العنكبوتيه (الإنترنت) فى الدراسه وعلاقتها بادافعية للتعلم لدى المراهق من (١٢-١٤)***، رساله ماجستير منشور، جامعه أكلى محند أولحاج، البويرة.
- هيكل، عبد العزيز فهمي(١٩٩٥): ***طرق التحليل الإحصائي***، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.


**<u>سەرچاوەی ئینگلیزی:</u>**

- Faison, k(1996)**Modeling Instructional Technology use in teacher preparation**,why we can, to wait Education Technology,Vol 35, No5, 37-59.
- Kosma R, B and Johnston, J, (1991) **the Technological revolution comes to the classroom Change**, 23 (1) p10-20.


- **ملخص البحث**


- يهدف البحث الحالي إلى التعرف إستخدام شبكة الإنترنت ومدى الاستفادة منها في عملية التعليم والبحث العلمي لدى تدريسيي الكليات التربوية في جامعة السليمانية. تكون مجتمع البحث من جميع تدريسيي كلية التربية الأساسية، وكلية التربية العلمية، وكلية التربية للعلوم الإنسانية في سيد صادق، والبالغ عددهم (٢٦٥) تدريسيي. تكونت عينة البحث من (٦٠) تدريسيي، (٣٠) من الذكور و(٣٠) من الإناث، وتم اختيارهم بشكل قصدي، استخدم الباحثون المنهج الوصفي المسحي الذي يتناسب مع طبيعة البحث. وبعد مراجعة المصادر والدراسات السابقة، قام الباحثون بإعداد مقياس يتكون من محورين (التدريس والبحث العلمي)، حيث تضمن كل محور (٣٤) فقرة. وللتأكد من صدق الأداة، قام الباحثون موزع على عدد من الخبراء في تخصص طرق التدريس وعلم النفس، الذين وافقوا عليها بعد بعض الملاحظات البسيطة بنسبة (٨٢٪). وللتحقق من ثبات الأداة، استخدم الباحثون طريقة إعادة الاختبار، وحسب معامل ارتباط بيرسون بلغت قيمة الثبات (٠.٨١).
- ثم قام الباحثون بتطبيق الأداة على عينة البحث الأصلية وتحليل إجابات تدريسيي باستخدام المعادلات الإحصائية المناسبة واختبار (**T-test**). وتم عرض نتائج البحث مع عدد من الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.



- **الكلمات المفتاحية: شبكة الإنترنت، عملية التعليم، البحث العلمي، كليات التربية.**